kurdishebook.com
KURDISHeBook

# آموزش زبان کردی

## کتاب چهارم

تهیه و تدوین: جامعه کردهای اروپا

evinebook.blogfa.com

# ژیانی جووتیارێک



قارەمان نموونەی جووتیارێکی چالاک بوو، یەکێك بوو لەو جووتیارانەی زەوی دەکێلا و بە ئارەقەی نێوچاوانی خۆی نانی پەیدا دەکرد. بە درێژایی ڕۆژگار لە ناو کێڵگەیەکدا هاتوچۆی دەکرد بۆ ئەوەی لە کاتی جووتکردن و کشتوکاڵ کردندا ئاگای لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بێت و لەکارکردن و چالاکیەکاندا هاوکاریان لەگەڵدا بکات. ئەوان مەکینەیەکیان هەبوو کە زەویە پڕ پیت و بەرەکەتەکانیان پێ دەکێلا.

ڕۆژێکیان دەمەو بەیانی دایکی ئازاد کوڕەکەی بانگ کرد و پێی وت:
ئازاد! ڕۆڵە زووکە لە خەو ڕاپەڕە، وا باوکت و براکانت پێشت کەوتوون و چوونەتە کێڵگە، چونکە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی گەنم تۆو کردنە. ئازاد کە چاوی کردەوە دیتی کە ئەوە دایکیشی خۆی ئامادە کردووە و جلکی کارکردنی پۆشیوە، پووشینەکەی لە سەر و پشتێنی لە پشت بەستووە و پێڵاوەلەی لە پێ کردووە.

ئازاد لە نوێنەکەی ڕاپەڕی و زوو خۆی گۆڕی و ئاوڕی دایەوە لای جانتای کتێبەکانی و وتی:
کتێبەکانم ئێوە دڵگیر مەبن، یەك دوو حەفتەم پێ ناچێت و دەگەڕێمەوە بۆ لاتان، بەڵام ئەمڕۆ کشتوکاڵ چاوەڕێم دەکات.

ئازاد بە گورجی و چست و چالاکی ڕووی لە مەزرا کرد، تەماشای کرد جموجۆڵێکی بێ وچان دەستی پێکردووە و دەنگ و سەدای کار کردن لە هەموو لایەکەوە بەرز بۆتەوە. لەملاوە وا بە وڵاخ ئاوی خواردنەوەیان بۆ دەبەن، لەو لاشەوە دەزگای جووت کردن زەوی دەکێلێت، باوکیشیان لە گەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەیدا وا خەریکی کشتوکاڵ کردنە.



تۆ بڵێی هەموویان چاوەنواڕی ئازادیان کردبێت بۆ ئەوەی هەر کە گەییشتە ئەوێ، ئەوسا ئەوانیش دەس بە کارکردن بکەن؟! بەڵێ، ئەوان چاوەڕێ بوون، چونکە ئازاد هەرچەندە بە تەمەن بچووك بوو بەڵام لە کاری کشتوکاڵدا کارامە و زیرەك بوو. بەو چەشنە هەر کە ئازاد گەییشتە کێڵگەکە لە هەموو لایەکەوە ئەم دەنگە بەرز بۆوە: وا کار کردنی تەواو دەستی پێکرد.

---

- **لێکدانەوەی وشەکان:**
  - جووتیار: پاڵە، کەشاوەرز، ئەو کەسەی کار لەسەر زەویوزار دەکات.
  - هاوکاری: هاریکاری، یانی لە گەڵ یەکێک کار بکەیت یان یارمەتی بدەیت.
  - زەوی بە پیت و بەرەکەت: بەو زەویە دەوترێت کە خێر و بەری لێ وەردەگیرێت، ئەو زەویەی کە

بەرهەمی باشی لێ دەبێتەوە.

- کێڵگە: بەو پارچە زەویە دەوترێت کە وا دەکێڵرێت و کشتوکاڵی تێدا دەکرێت.
- مەزرا: زەوی، کێڵگە.

---

- **گفتوگۆ و ڕاهێــنان:**

1. بۆچی دایکی ئازاد کوڕەکەی لە خەو هەستان؟

2. ئایا هەموویان چاوەڕێی ئازادیان دەکرد؟

3. ئایا ئازاد کوڕێکی زیرەك بوو؟ چۆن ئەمەت بۆ دەرکەوت؟

4. ئایا تۆ ژیانی جووتیاریت بە دڵە؟ بۆ چی؟

[Copyright © 2000 - 2007]



# ڕەوکردنی باڵندەکان

باڵندەکان ڕەوشت و سروشتی پڕ سەیر و سەمەرەیان هەیە. یەکێک لەو سروشتانە ئەوەیە کە حەز لە گەشت و ڕەو کردن دەکەن. پاییزان، هەر کە گەڵای داران زەرد هەڵدەگەڕێن و دەوەرێنە سەر زەوی، زۆربەی پەلەوەرەکان کە هیچ پەنایەکیان بۆ نامێنێتەوە تا لە لایەک لە چنگ سەرما و لە لایەکی تریشەوە لە چنگ ڕاوچی خۆیانی تێدا بشارنەوە ناچار خۆیان بۆ ڕەو کردن ئامادە دەکەن. زۆربەشیان هەموو ساڵێک ڕەو دەکەن. بۆ نموونە لەقلەقەکان یەکێکن لەو باڵندانەی وڵاتی ئێمە، کە لە وەرزی سەرمادا کۆچ دەکەنە گەرمەسێران و لە سەرەتای بەهاردا کە هەوا ڕوو لە خۆشی دەکاتەوە دەگەڕێنەوە کوردستان.

باڵندەکان لە کاتی ڕەو کردنەکەیاندا بۆ شوێنێکی ئەوتۆ دەگەڕێن کە تێیدا گەرمیان بێتەوە و خواردنیان دەس کەوێت و بە ئاسوودەیی تیادا بژین. هەروەها گەشتەکەشیان بە ـ

 Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook





کۆمەڵی دەبێت و هەر کۆمەڵە باڵندەیەک سەرۆک و لێپرسراوی خۆی هەیە کە ڕێنوێنی کۆمەڵەی خۆی دەکات.

بە پێی زانیاریەکان باڵندە کۆچەریەکان دەست بە گەشتێکی دوور و درێژ و سەخت دەکەن. جاری وا هەیە بێ ڕاوەستان ڕەوەکەیان بیستوچوار کاتژمێر دەخایەنێ و خێرایی فڕینەکەیان دەگاتە شەست یان حەفتا کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا. هەر وەها زۆر جاران دەبینین کە باڵندەکان بە سەر خانووەکانمانەوە دەفڕن و دەکەونە سەرووی چینەکانی ئاسمانەوە. ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانج و شوێنی دیاریکراویان لە دەریا و کیشوەرەکان دەپەڕنەوە. لە کاتی گەشتەکەیاندا لە سەر چەم و ڕووبارەکان دەنیشنەوە و وردە ماسی ناو ئاوەکان ڕاو دەکەن و دەیانخۆن.

لە کاتی هەڵفڕینیشیاندا دەنگێکی خۆشیان لێ دەبیسرێت، وەک بڵێی بە دڵتەنگیەوە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەیان بکەن!

لە دەسپێکی وەرزی بەهاردا، کە سەرما و سۆڵەی زستان کۆتایی دێت و سروشت بە گوڵ و سەوزە دەڕازێتەوە و دار ودەوەن گەڵا دەکەن، باڵندەکان بەرەو وڵاتەکەی خۆیان دەگەڕێنەوە.

لە کاتی گەڕانەوەدا لە پێشدا نێرینەکانیان دێنەوە بۆ ئەوەی بە گورجوگۆڵی هێلانەی جوان جوان دروست بکەن. کاتێک کە ئەندامانی ئەو خێزانە بەختیارانە هەموو کۆ دەبنەوە، ئەوا ئاهەنگێکی دڵڕفێن دەگێڕن و گۆرانی خۆش دەچڕن و ئاسمان لە چریکە و نەغمە و سۆزی ئەم باڵندانە دەنگ دەداتەوە، هەر دەڵێی لە خۆشی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەیانە کە گۆرانی دەڵێن.


Copyright © Kurdi.fi
evinebook.blogfa.com

▪ گفتوگۆ و ڕاهێنان:

1. کەی باڵندەکان بۆ ڕەو کردن خۆیان ئامادە دەکەن؟

2. خێرایی باڵندەکان لە کاتی ڕەو کردنەکەیاندا لە سەعاتێکدا دەگاتە چەند؟

3. ئەو باڵندانە کە ماڵئاوایی لە نیشتمانەکەیان دەکەن چی دەکەن؟

4. کە ئەندامانی ئەو خێزانە هەموو کۆ دەبنەوە چی ڕوو دەدات؟



▪ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە:

1. باڵندەکان لە کاتی فڕینیاندا دەنگێکی ______ .

2. لە کاتی ڕەو کردنیشیاندا بۆ ______ ئەوتۆ دەگەڕێن کە تێیدا ـ

______ و خواردەمەنیان ______ و بە ئاسوودەیی

______ .

3. لە وەرزی بەهاردا کە ئاو و هەوا فێنك دەبێت و دار ______

باڵندەکان دەگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان.


Copyright © Kurdi.fi

# کتێــب

وەرز زستان بوو، شەو داهاتبوو، ئەندامانی بنەماڵەکە هەموویان پاش نوێژی شێوان بۆ شەوچەرە دانیشتبوون.



باوک وتی: باشترین خوو و ڕەوشت کە لە باپیرتانەوە فێر بووم ئەوەیە ئیش و کار لە وەختی خۆیدا جێبەجی بکرێت، باپیرتان پێی ئەوتم: ڕۆڵە، کاری ئەمڕۆ مەخەرەوە سبەینێ چونکە ئەو کارانە بەسەرتەوە کۆ دەبنەوە و ئیتر بۆت تەواو ناکرێن.

سیروان وتی: بابە گیان منیش ئەو ڕەوشتە لە تۆ فێر بووم، بۆیە کاروباری قوتابخانە دوا ناخەم و لە کاتی خۆیدا ڕایدەپەڕێنم.

نازدار وتی: من کاتی خۆم لە نێوان ڕاپەڕاندنی کاروباری قوتابخانە و خوێندنی سەربەخۆدا دابەش کردووە.

باوک دەستی بە سەری کچەکەیدا هێناو پێی وت: بە خوێندنەوەی یەك ساعەت لەو کتێبەی کە بە دڵتە ڕۆشەنبیری و زانینت پەرە دەستێنێت.

نازدار وتی: لەبەر ئەمە من کتێبی زانستی و چیرۆکی بەکەڵك دەخوێنمەوە و زۆر ئاگاداری کتێبەمانم دەکەم.

باوک وتی: نازدار چۆن ئاگاداری کتێبەکانت دەکەیت؟

نازدار وتی: کە کتێبێک دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم گەیشتومەتە کوێ قەڵەم ناخەمە ناو لاپەڕەکانییەوە و سووچی لاپەڕەکانیشی نانووشتێنمەوە.

باووک وتی: چاك دەکەیت نازدار. ئەی تۆ سیروان چۆن ئاگاداری کتێبەکانت دەکەی؟

سیروان گووتی: بابە: لە کاتی خوێندنەوەدا خواردن ناخۆم نەوەکو کتێبەکەم چەور بێت، ئەگەر دەستم پاك نەبێت یاوەکو تەڕ بێت ئەوا ئەنگووست نادەم لەکتێبەکەم و هیچیشیان لەسەر نانووسم.

نازدار وتی: منیش کتێبەکانم ناخەمە سەر زەوی و لەسەر مێزی نانخواردنیان دانانێم و بە ئەمووستەکەڵەی تەڕ لاپەڕەکانی هەڵ نادەمەوە.

باوك وتی: شانازی بە هەردووكتانەوە دەكەم و پاداشتان بەوە دەدەمەوە كە كتێبخانەیەكی خنجیلانەتان بۆ دەكرم بۆ ئەوەی كتێبەكانتان نەدرێنو ون نەبن.

---

- **لێكدانەوەی وشەكان:**
  - شەوچەرە: بەشەو دانیشتن بۆ ڕبواردن و گفتوگۆ كردن، چلەی شەوێ كە بریتیە لە گوێز، خورما، میوژ و هتد.
  - دەستی بە سەری دا هێنا: دڵنەوایی كرد.
  - خوێندنی سەربەخۆ: خوێندنی ئەو كتێبانەی كە لە قوتابخانە ناخوێندرێن.
  - ئەمووستەكەڵە: ئەمووستە گەورەی دەست.

---

- **گفتوگۆ كردن:**

1. بۆچی دواخستنی كاری ئەمڕۆ بۆ سبەینێ باش نیە؟
2. ئایا خویندنەوەی سەربەخۆ یان ئازا چ چاكیەک بە خوێنەر دەگەیەنێت؟
3. چۆن ئەو لاپەڕە دیاری دەكەیت كە وا لە خوێندنەوەی كتێبێكدا گەییشتوویەتی؟
4. چۆن پەڕی كتێبەكەت هەڵدەدەیتەوە؟
5. كتێبەكەت لە كوێ دادەنێیت تا لێت خراپ نەبێت؟
6. ئەو پاداشتە جێ بوو كە وا باوكی نازدارو سیروان پێشكەشی كردن؟ هەروەتر سوودی ئەو دیاریە چیە؟
7. ئەو قوتابییەی كە ئامۆژگاریەكانی پێشوو لە گوێ دەگرێت چی پێ دەوترێت؟

[Copyright © 2000 - 2007]

kurdishebook.com
KURDISHeBook



# کچۆڵە شقارتە فرۆشەکە

نووسین: هانس کریستیەن ئاندێرسێن
وەرگێڕان: کەریم تاقانە
پێداچوونەوە و پێکهێنان: تاهیر ڕەشیدزادە

evinebook.blogfa.com

شەوی ژانویە بوو. بەفر بەتوندی دەباری. نیوەی شەو بوو. کچێک خۆی گرمۆڵە کردبوو و هێدی هێدی رێی دەکرد. کچۆڵەکە زۆری سەرما بوو. پێڵاوی لە پێدا نەبوو. دایکی نەمابوو و بابیشی پیاوێکی باش نەبوو؛ چوونکە هەرچی پارەی هەبوو، خەرجی مەی و مەیخواردنەوەی دەکرد. لەبەر ئەوەش بوو کە، کچە پێڵاو و کڵاوی نەبوو و جلەکانی شڕ و دڕاو بوون. چەند پاکەتە شقارتەی لەنێو بەروانکە شڕەکەیدا هەڵگرتبوو. دەمەو بەیان هەتا شەو شقارتەکانی بەملاو بەولادا گێڕابوو و هەر هاواری کردبوو: شقارتە، وەرە بۆ شقارتەکە..، تۆ خوا شقارتەیەکم لێ بکڕن!



بەڵام ئەو ڕۆژە کەس تاقە شقارتەیەکی لێ نەکڕیبوو، بۆیە نەیتوانیبوو تاقە دراوێکیش وەدەس بێنێ. زۆر برسی بوو. لە بوومەلێڵەوە تامی هیچی نەچێشتبوو. کزەیەک دەهات و بەفرەکەی بە ڕوخساری دادەدا. بەفر دەچووە نێو شان و ملی کچۆڵەکە و زیاتر دەیهێنایە دانەچۆقە.

ماندوو ببوو. قاچەکانی بە دوایدا نەدەچوون. نەیدەتوانی چیدی بەڕێوە بڕوات. چوو لە قوژبنی نێوان دیواری دووماڵەوە دانیشت. داوێنە شڕەکەی داکشاندە سەر قاچە سڕەکانی. دەستەکانی بەتەواوی ڕچابوون. شقارتەکانی بە باشی پێ هەڵنەدەگیرا. بیری کردەوە ئەگەر شقارتەیەک دابگیرسێنێ، دەستەکانی گەرم دەبنەوە. دەنکە شقارتەیەکی دەرهێنا و دایگیرساند. چەندە ڕۆشنایی هەبوو، چەندە جوان و چەندە دڵگیر بوو. هەروا کە لە گڕی شقارتەکەی دەڕوانی، خەیاڵی کرد لەنێو ژوورێک دایە. لە ژوورەکەدا دانیشتبوو و لەبەر سۆبە دیواریەکەدا قاچی گەرم دەکردەوە. ماشەی سۆبە ستیلەکە بریقەی دەهات. مادەیەکی برنجەیی جوانڕەنگ، لە چواردەوری



سۆبەکە گیرابوو. هەموو شتێک ڕاستەقینە بوو. کچۆڵەکە قاچەکانی ڕاکێشا تا گەرم بنەوە و خوێنیان تێ بگەڕێ، بەڵام شقارتەکە کوژایەوەو ژوورەکە لە پێش چاویدا نوقم بوو.



شقارتەیەکی دیکەی داگیرساند و سەیری کرد. ئەمجارە ژوورێک و مێزێکی گەورەی بینی کە سفرەیەکی سپی لە سەر ڕاخرابوو. ئەوەی مرۆڤ حەز بە خواردنی دەکا، لە سەر مێزەکە هەبوو. لەو سەری مێزەکەوە قازێکی خرپن و قەڵەو دانرابوو کە لە تەنووردا سوور کرابۆوە. هەروا چاوی بڕیبووە قازەکە. قازەکە لە مێزەکە هاتەخوارەوە و هەڵقون هەڵقون هات بۆ لای. چەقۆ و چنگاڵێک لەسەر سینگی قازەکەدا بوون. وەک بڵێی خەریک بوو خولقی کچۆڵەکەی دەکرد تا نەختێکی لێ بخوات. لەپڕ شقارتەکە کوژایەوە. کچۆڵەکە بە خۆدا هاتەوە و دیتی هەروا لە پەنای دیوارە سارد و شێدارەکەدا دانیشتووە.

هەمیسان شقارتەیەکی داگیرساند. ئەمجارە وای خەیاڵ کرد کە لەژێر داری گەورەی کریسمسدا دانیشتووە.. لەو دارانە کە ئەو شەوە لە بەردەرگای ماڵێکی گەورەدا دیتبووی. بەڵام ئەم دارە گەورەتر و ڕازاوەتر بوو. گەلێک شەمی لەسەر داگیرسابوو. لەبەر ترووسکەترووسکی شەمەکاندا، ئەو وێنانەی بە دیوارەوە بوون، دەبریقانەوە. کچە قیژاندی: وەی، کە چەندە جوانە! چەندە دڵگیرە!

kurdishebook.com
KURDISHeBook




دیسان قاچی ڕاکێشا، بەڵام شقارتەکە کوژاوە و دنیا لەبەر چاوی کچۆلەکە تاریک بۆوە.

شەو درەنگ بوو. کیژۆڵەکە سەرما و برسیەتی لەبیر چووبۆوە. چاوی بریە ئاسمان. ئەستێرە جوانەکان چەشنی چرادانە چووکەکان بریقەیان دەهات. لەناکاو، ئەستێرەیەک داچۆڕا و هێڵێکی سپی و زێوڕەنگ داکشایە سەر سینگی ئاسمان. کچۆڵەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: هەڵبەت کەسێک لە سەرەمەرگ دایە.

داپیرەی وای پێگووتبوو. کچۆڵەکە داپیرەی زۆر خۆش دەویست. داپیرەی مردبوو. داپیرەی دەیگوت هەرکاتێ ئەستێرەیەک دابچۆڕێ، کەسێکیش دەچێتە لای خوا.

شقارتەیەکی دیکەی داگیرساند. کاتێ شقارتەکە باش ئاگری گرت، داپیرەی دیت. کە جلوبەرگێکی سپی و ڕازاوەی لەبەردا بوو و پێدەکەنی. کچۆڵەکە هاواری کرد: داپیرە! ئەمیش لەگەڵ خۆت بەرە. سەرمامە، برسیمە. هەتا شقارتەکە داییسێ، لەگەڵ خۆتم ببە، ئەگینا نوقم دەبێ و ئەمن چیدی ناتبینمەوە. وەک ئەم ئاورە، وەک قازە بریانیەکە و وەک دارە ڕازاوەکەی کریسمەس، کە بینیمن.



evinebook.blogfa.com

بە دەستە تەزیو و ڕچاوەکانی گشت شقارتەکانی دەرهێنا. دەستەکانی لە سەرمان هەڵدەلەرزین. ئاگری بە شقارتەکانەوە نا. ئاگرەکە زۆر و زۆرتر بوو. ئەوەندە گڕ و تینی زۆر بوو، دەتگوت خۆر دەدرەوشێتەوە. ڕوخساری داپیرەش لە گشت کاتێ جوانتر وەپێش چاو دەهات. شقارتەکان خەریک بوون دەسووتان. داپیرە دەستەکانی ڕاکێشا و کچۆڵەکەی لە ئامێزی خۆی گرت. پاشان پێکەوە لە شەقەی باڵیان دا و چوون بەرەو سەرەوە، زۆر لە ئاسمانیش سەرەوەتر. چوونە شوێنێکی وا کە چیدی نە سەرما زەفەری پێدەبردن و نە برسیشیان دەبوو! چوونە لای خوا.



ڕۆژی دوایە، پاسەوان، کچۆڵە شقارتە فرۆشەکەیان بینی. لە سەرمان ڕەق هەڵاتبوو و لە لای پیادەڕێکەدا کەوتبوو. ڕوخساری ئێجگار چەرموو بوو و بزەی لەسەر لێوان بوو. دەتگوت خەوتووە و خەریکە خەونێکی شیرین دەبینێ. بەوشێوەیە ڕەق ببۆوە و گیانی دەرچووبوو. چەند دانە شقارتەیەک لە پەنای ئەنگوستەکانی دەستیدا سووتابوون. کەسێک گوتی: هەڵبەت خەریک بووە دەستی گەرم بکاتەوە.

بەڵام هیچ کەسێک نەیدەزانی، کە ئەو شەوە، کچۆڵەکە چەندە شتی جوانجوانی دیتووە و لەو شەوی ژانویەدا چەندە شوێنی خۆش و دڵگیر گەڕاوە...

## * ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

شقارتە: شەمچە، گۆگرد، شخاتە

کچۆڵە: کیژۆڵە، مەبەست لە کیژێکی بچکۆلانە

ژانویە: مانگی یەکی ساڵی زایینی

شەوی ژانویە: مەبەست لەو شەوەی ساڵ تازە دەبێتەوە

گرمۆڵە: لە خۆ ئالاو، لە گردی یەک ئالاوتوو

هێدی: ئارام، لەسەرەخۆ

مەی: شەراب

پێلاو: کەوش، قۆندەرە

بەروانکە: سینگپۆش، پارچەیەک کە بەخۆوەی دەگرن

شڕ: جلی دڕاو و کۆن

دراو: پارە، پوڵ

بوومەلێڵ: 1. کازیوە، 2. هەوەلی بەرەبەیان

کزە: شنە، سروە، بای بسکان

ڕوخسار:  چروچاو، دەموچاو، ڕوو

دانەچۆقە:  تەقەتەقی ددان لە سەرمان و لە تا لێهاتن

قاچ: لاق، قول، پا

سڕ: تەزیو، بێهەستبوون، 2. ڕاز، نهێنی

قوژبن: کەلێن

ڕچان: بەستنی سەهۆڵ، مەیین

ڕۆشنایی: ڕوناکایی

دڵگیر: 1. خۆش، دڵپەسەند، 2. ناخۆش، دڵنەگر

گڕ: تین، گەرمایی، بڵێسە

سۆبە: کورە

برنجەیی: ڕەنگی مس و ڕوح، زەردی سەماوەر

خرپن: قەڵەوی کورت

هەڵقون هەڵقون: بە قنە ڕۆیشتن

خوڵقکردن: 1. بانگهێشتن کردن، 2. بانگ و گازی کردن

شێدار: شەدار، نمدار

تروسکە: 1.بریقە، 2. بروسکەی ئاسمان

هێڵ: خەت

سەرەمەرگ: کاتی مردن، خەریکی مردن

داپیرە: دایەگەورە

نوقمبوون: ژێرئاو کەوتن، بریتی لە بێسەروشوێن چوون

بریان: برژاو

ڕازاوە: جوانکراو

تەزیو: سڕبوون لە سەرمان یان بە هۆی خوێن نەگەڕان ـ
لە ناو ڕەگەکانی لەشدا

ئاگر: ئاور

ئامێز: باوەش

زەفەر پێ بردن: دەرەقەت هاتن

چەرموو: چەرمگ، سپی


بزە: زەردەخەنە، پێکەنینێکی ناسکی منالانە

ئەنگوست: ئەنگوشت، قامک، پەنجە

چرادان: جێ چرا، ئەو شتەی چرای لە سەر دادەنرێ



## * خشتەکان بە وڵامی ڕاست پڕ بکەوە:




.١
.٢
.٣
.۴
.۵
.۶
.٧
.٨
.٩

---

## * وڵامی ڕاست بنووسەوە:

١. وەک .................... دەڕنێ.
٢. وەک .................... دەخوێنێ.
٣. وەک .................... بەهێزە.
۴. وەک .................... فێڵەزانە.
۵. وەک .................... دەفیشکێنێ.
۶. وەک .................... بێ‌سفەت و سپڵەیە.
٧. وەک .................... ئازایە.
٨. وەک .................... ترسەنۆکە.
٩. .................... ئاژەڵێکی بەسەبر و لەسەرەخۆ، بەڵام بەقینە.
١٠. .................... ئاژەڵێکی نەجیبە.
١١. .................... ئاژەڵێکی بە وەفایە.

Copyright © Kurdi.fi

kurdishebook.com
KURDISHeBook


## ❊ دەنگی ئاژەڵەکان:

١. شێر دەنەڕێنی.

٢. کەر ........................ .

٣. سەگ ........................ .

٤. بولبول ........................ .

٥. گورگ ........................ .

٦. پشیلە ........................ .

٧. ئەسپ ........................ .

٨. جوچکە ........................ .

٩. بەراز ........................ .

١٠. مانگا ........................ .

١١. ڕێوی ........................ .

١٢. مار ........................ .

١٣. بەرخ ........................ .

١٤. بزن ........................ .

١٥. کەو ........................ .

١٦. کەڵەشێر ........................ .

١٧. چۆلەکە ........................ .

١٨. کۆتر ........................ .

Copyright © Kurdi.fi

evinebook.blogfa.com

# هـــەوێـــردە



دوو هـەوێردە لـە نـاو پەڵـە گەنمێکـدا دەژیـان. بـە ڕۆژ دەچوون بۆ گەڕان و بەشەو دەهاتنەوە هێلانەکەی خۆیان. جوجەڵـەکانی خۆیـان ڕاسـپاردبوو کـە هـەرچی ڕۆژانـە دەیبیسن و دەیبینن شەوانە بۆیان بگێڕنەوە.

شـەوێک جوجـەڵـەکان بـە دایکوبـاوکی خۆیـان وت: ئـەمڕۆ خـاوەن زەوی کوڕەکـەی خـۆی نـاردە لای هاوسـێکانی کـە بـەیانی بـێن و بـە هـەرەوەزی گەنمەکەی لە گەڵ بدروونەوە.

دایکی جوجەڵەکان گوتی: مەترسن، کەس نایە و بەیانیش هێلانـەمان لـێ تێـک ناچێت.

سبەی شەو جوجەڵەکان گوتیان: ئەمڕۆ کابرای وەرزێر و کوڕەکەی زۆریان چاوەنواڕی کرد، کەس نەهاتە یاریدەیان. کابرا کوڕەکەی ناردۆتە لای خزمان



کە سبەی بێن و گەنمەکەی لە گەڵ هەڵبگرن.

دایـــک گـــوتی: مەترســـن، هێلانەمان لێ تێک ناچێت و ئەمڕۆش ئاوارە نابین.

شەوی سێهەم جوجەڵەکان گوتیـــان: خزمـــەکانیش نەهاتن و یاریدەی ـ



وەرزێریان نەدا. بەڵام، گوێمان لێبوو کابرا بە کوڕەکەی گوت: ڕۆڵە، ڕاستە پێشینیان دەڵێن: «تێگوشین بە هیوای هاوسێ وشکە». کار بە هیوای خەڵک و ئەم و ئەو هەر وای لێدێت و ئەوەی بە دەستی خۆمان نەیکەین ناکرێ! داسەکان تیژ کەن، بەیانی خۆمان گەنمی مەزراکەمان دەدرووینەوە.



دایکی جوجەڵەکان وتی: با هەر ئەمشەو بگوێزینەوە، چونکە بەیانی هێلانەمان لێ تێک دەچێت و پەروازە دەبین. با لە ئێستاوە لە فکردا بین و بچین بە شوێن جێگەیەکی تازەوە.

جوجەڵەکان سەریان لە گفتی دایکیان سووڕ ما و پرسیان چۆن ئەمە دەزانیت؟ دایک گوتی: تا وەرزێر بە هومێدی ئەم و ئەو بوو، دەمزانی کە هیچی بۆ ناکرێت. بەڵام، کە ئێستا لێبڕاوە بەخۆی کاری خۆی بکات، تێگەیشتووم ئێمە دەبێت بار بکەین و لێرە بڕۆین.



* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

هەوێردە: کەڕەواڵە

هاوسێ: دراوسێ، هاوماڵ، جیران

ئاوارە: پەروازە، لانەواز

وەرزێر: جوتیار، پاڵە

---

* ڕاهێنان

1. بنووسە مەبەست لەم وتەیە چیە: تێگوشین بە هیوای هاوسێ وشکە! ..........

..........

..........

..........

2. لە ناو تێکستەکەدا و هەر وەها لە نا و ئەو هۆنراوانەی خوارەوەدا، وشە سادە و ئاوێتەکان (تێکەڵاوەکان) بدۆزەوە و دیاری بکە وشە ئاوێتەکان لە چ وشەگەلێک پێک هاتوون.

خوایە وەتەن ئاواکەی

..........

چەن دڵگیر و شیرینە

..........

دەشتی خۆشێ و ڕەنگینە

..........

ئاوی کەوسەرە

..........

خاکی گەوهەرە

..........

پڕ لە گول و نەسرینە

..........

«فایەق بێکەس»

ئەسیری بسکی ئالۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم

..........

..........

تەماشا کەن چ سەیرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم

..........

..........

«مامۆستا هێمن»

پەندی پێشینیان:

قەفەز با لە زێڕیش بێت، هەر دیلیە.

..........

..........

kurdishebook.com

KURDISHeBook



## نیشتمانم

ئێمە لە پێناوی نیشتمان
بەخت دەکەین سامان و گیان
کەس ناوێرێ هەڵمەت بەرێ
ورد و خاش ئەکەین دوژمنان

* * *

بە خوێنی ئاڵ و گەش ڕشتن
نووسیمان سروودی سەرکەوتن
سەربەرزین ئێمە لە جیهان
چاومان ناترسێ لە مردن

* * *

بەرامبەر هەموو کارەسات
درەنگوەخت بێ و شەوی نەهات
هەڵدەکەین چرای زانستێ
عیلم و زانستە ڕێگای نەجات

* * *

ئیتر ئەی نیشتمانی شیرینم
بژی ڕووناک کەرەوەی ژینم
خوا بتپارێزێت لە دوژمن
لە بەرزی و شادیدا بتبینم

- **لێکدانەوەی ووشەکان:**
  - لە پێناو: لە ڕێگای، لە ئاست، بۆ خاتری.
  - بەخت دەکەین: دەبەخشین، فیدای ئەکەین.
  - هەڵمەت: پەلامار، هێرش
  - وردوخاش: پارچە پارچە کردن، لەتوپەت کردن.
  - کارەسات: ڕوداوی نالەبارو قورس.

- **گفتوگۆ کردن:**

1. لەپێناوی نیشتماندا چی بەخت دەکەین؟

2. ڕێی نەجاتو ڕزگار بوون لە چیدایە؟

3. ئەگەر -خوانەخواستە- نیشتمان تووشی کارەساتێک هات تۆ چی دەکەیت؟

[Copyright © 2000 - 2007]


evinebook.blogfa.com

# تاقیکاری

* ئەم نووسراوەی خوارەوە دە دانە هەڵەی تێدایە، هەڵەکان ببینەوە و دروستەکەیان لە ژێر خۆیانەوە بنووسە:

شێوازی ئاخاوتن:

باوکیک ئامۆژگاری مناڵەکەی خۆی دەکرد دەیگووت: ڕۆلەی هۆم: ئەگەر لە کۆڕێک

---

دانیشتیت کەم بلی و زۆر ببیستە، ئەگەر ویستت قسە بکەیت، قسە بە کەس مەبڕە،

---

چاوەڕوانی ئەوە بە تا نۆرەی تۆ دێت و خەڵککە هەموو گوێت لێ دەگرن.

---

جا کە قسەت کرد درێشەی پێ مەدە، جونکە ئەوەی زۆر بڵێ هەڵەش زۆر دەکات، با

---

قسەکانیشت ڕوون و ڕەوان بن، دەنگت بەدەرەوە بێت و ڕاوێژت خۆش و گفتت سیرین بێت

---

بۆ ئەوەی دڵی خەڵکەکە ڕابگێشیت و کاریان تێبکەیت.

---

ڕۆڵەی خۆم: ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت هۆشی بدەیەو چاک گوێی لێ بگرە، بەشتی

---

ترەوە خۆت خەریك مەکە، چونکە خاك گوێ لێ گرتن بەڵگەی بەروەردەی باش و

---

ڕەووشتی پێگەییشتووە.

---

* مانای ئەم وشانەی خوارەوە بنووسە:

ئاخاوتن: ________________

ببیستە: ________________

ڕاوێژ: ________________

خۆر: ________________

شێواز: ________________

ساوا: ________________

بەخێوی‌کردم: ________________

پۆل: ________________

ئێستا: ________________

قوڵینە: ________________

شاخ: ________________

جووتیار: ________________

* نیشانەی (%) لە بەر دەم مەبەستی دروست دابنێ و نیشانەی (√) لەبەردەم هەڵەکان دابنێ:

1- ئەگەر یەکێک قسەی بۆ کردیت:

( ) کتێب بخوێنەوە.

( ) ڕووی تێبکە و گوێی بدەیە،

( ) لەگەڵ هاوڕێکەتدا قسان بکە.

( ) قسەکەی پێ ببڕە.

2- ئەگەر قسەت بۆ یەکێك کرد:

( ) زۆر بڵێ.

( ) دەنگت بەرز کەوە.

( ) بەدەنگێکی لەسەرەخۆی بەدەرەوە قسە بکە.

( ) قسەی ئاڵۆزی بۆ بکە.

3- ئەوانەش هەرووەتر بە شێوەی سەرەوە وەڵام بدەوە:

( ) سەرما بە هاوین زۆر دەبێت.

( ) خۆر گەرمی و ڕووناکیمان دەداتێ.

( ) تیشکی خۆر میکرۆب دەکوژێت.

( ) ڕووناکی خۆر لە شەویشدا زۆرە.

* لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئەوانەی کە دروستن بە هێڵێک (خەتێک) بە یەکتریان بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| ساڵ بریێتییە لە | دروست دەکەین |
| لە پاییزدا بەرهەمی ساڵ | چوار وەرز |
| شێرە بەفرین لە زستاندا | گوێزو مێوژو گەز |
| شەوچەرە بریێتییە لە | کۆ دەکرێتەوە |

* ئەم ووشانە لە شوێنە بەتاڵەکان دابنێ:

( بەخێو، ئاگر، کێشاوم، بەرگ، مامۆستا، چاوم، دڵی )

1- دەبێت ______ نەشکێنم.

2- چاکەی وا لە بەر ______ .

3- ______ و جلی بۆ شتووم.

4- ڕەنجی لە گەڵ ______ .

5- دایکم ______ ی کردم.

6- ______ هەمیشە دۆستی مرۆڤ نییە.

7- ______ دەرسمان پێ دەڵێت.

* پرسیار: (سێ دانەت دروست بێت بەسە !)

kurdishebook.com

KURDISHeBook

1- بۆچی منداڵ دایکو بابی خۆی خۆش دەوێ؟

2- دایك بەچی منداڵی خۆی بەخێو دەکات؟

3- ئایا منداڵ چۆن چاکەی دایكوبابی دەداتەوە؟

4- کە ڕۆژ هەڵات دنیا چی لێ دێت؟

[Copyright © 2000 - 2007]


evinebook.blogfa.com